# ٦ ـ تاژتوله

له هاویندا که دەغڵو دان ئەدرویتەوە ، منداڵ له گوزەپانی جۆخینان قەنگەلاشكو بنه سوژناتکی گەورە گەورە ( زل ) ئەگرنەوەو هەر یەکەیان داوە بەنیکی له قونکی گرێ ئەداو ئەیکات به تاژتولەی خۆی .

هەر جارەی چەند منداڵێك هەموو لەگەڵ یەکا رستەکەی دەستیان بەر ئەدەنو تاژتولەکانیان با ئەیان بات منداڵەکانیش به دووایانەوە رائەکەن تا ماوەیەکی زور ، جا کامیان پیشکەوت له تاژتولەکان خاوەنەکەی شانازی پیوە ئەکاتو هەر یەکە تاژتولەی خۆی ئەگریتەوەو رستەکەی به دەستیەوە ئەگرێ که نەختی هەسانەوە هەمیشە رستەکانیان بەر ئەدەنەوەو به دووایانا رائەکەنەوە .

یا که چەند منداڵێك ئەچن بۆ جیکاییکی بەرداوی وەکوو کەندو زورگەکان ، بەردی پانو خڕ به دەستیانەوە ئەگرنو بۆ پیشەوەی خۆیان هەڵی ئەدەن بزانن کامیان بازوویان به تینترە . جا تاژتولەی کامیان زۆر بڕوات ئەو سەرئەکەویت .

وەیا له سەر زورگو گردەکانا بەردی خڕی وەکوو تۆپ گلۆل ئەکەنەوە به دامانی زورگەکانا بۆ خوارەوە ، بەردی کامیان بکاتە دامانی خوارێی گردەکە یا زورگەکە ئەو سەر ئەکەویت .